قوباد تاڵەبانی و نوێنەری یەکێتی ئەوروپا لە هەرێم کۆبوونەوە

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تەرکیەد بیگ، نوێنەری یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی قوباد تاڵەبانی لە راگەیەنراوەکدا بڵاویکردەوە: قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم لەگەڵ تەرکیەد بیگ، نوێنەری یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و پێکەوە چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولایان تاوتوێ کرد.

لە تەوەرێکی کۆبوونەوەکەدا کە رۆژی چوارشەمە لە هەولێر بەڕێوەچوو، باسی چێنیەتی رەخساندنی هەلی کار بە گەنجان لە هەرێمی کوردستان کرا. لەم چوارچێوەیەشدا جەخت کرایەوە لەسەر پشتگیریکردنی پڕۆژەی بازرگانی بچوك و بە تایبەتیش ئەو پڕۆژانەی لەلایەن گەنجان و بە بیرکەی گەنجانەوە پێشکێش دەکرێن.

لەمبارەیەوە قوباد تاڵەبانی داوایکرد یەکێتیی ئەوروپا زیاتر هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات، بە تایبەتیش لەووی گواستنەوەی ئەزمونی وڵاتانی ئەوروپا لە پێشخستنی پڕۆژە بازرگانییە بچوکەکان.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا قسە لەسەر پلاتفۆرمی سمارت سولی و کەبەندی نەوەوەتیی سلێمانی بە داهێنان و کارسازی کرا کە بەیارە رۆژی 25ی ئەم مانگە لە سلێمانی بڕێوەبچێت. هەردوولاش

هاوەبوون کە پلاتفۆرمی سمارت سولی پێژەیەکی گرنگە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی حکومەتی لەگەڵی بەشداری پێکردنی هاوەتیان لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. لەمبارەیەشەوە جەگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم داوایکرد یەکێتی ئەوروپا هاوکاری پێشخستنی پلاتفۆرمەکە بکات.

پلاتفۆرمی سمارت سولی دەستپێشخەرییەکی نوێی جەگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستانە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی شار لەگەڵی بەشداریکردنی هاوەتیان و کەسانی پسپۆڕ لە دەزینەوەی چارەسەری زیرەك و داهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا. ئامانجی پێژەکەش پێشکێشکردنی باشترین خزمەتگوزارییە بە هاوەتیان و پێشخستنی سیستمی بەڕێوەبردن و حکومەتانییە لە هەرێمی کوردستان.